
# جەنگی سەربەخۆیی تورکی

(1923-1920)

- پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانی و حکومەتی نیشتمانی لە ئەنکەرە
- وێستگە سەرەکییەکانی جەنگی سەربەخۆیی



# مستەفا کەمال

1938 - 1881

# - پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانی و حکومەتی نیشتمانی لە ئەنکەرە

- لێژنەی نوێنەرایەتی لە (19ی ئادار) بڕیاری دا (ئەنجوومەنێکی نیشتمانی) پێك بهێنرێت لە (ئەنکەرە). دواتر بە (ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورەی تورك) ناسرا. (350 ئەندام / (23ی نیسان1920 تا 23ی نیسان1923).
- بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەبارەت بە حکومەتی سوڵتان و پەیڕەوەکەی (گەلاڵەنامەی نیشتمانی). پێکهێنانی (دادگاکانی سەربەخۆیی) و بانگەواز بۆ جەماوەر تاوەکو پەیوەندی بە شۆڕشگێڕانەوە بکرێت (هاوکاری).

- حکومەت دژی شۆڕشگێڕان وەستا. (لە سێدارەدان، جیش الخلافە)/ شێخولئیسلام (دەرچوو لە دەسەڵاتی شەرعی).
- (3ی مایسی 1920) حکومەتێکی نیشتمانی لە ئەنکەرە بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال پاشا دامەزرا.

# - وێستگە سەرەکییەکانی جەنگی سەربەخۆیی (1920-1923)

- دەستپێکردنی جەنگ لە (21-1-1920)/ سەرکەوتنی کەمالییەکان لە (مەرەش، ئورفە، عێنتاب، ئەدەنە و مێرسین) کە ناوچەی دەسەڵاتی فەرەنسی بوون.
- جۆربەجۆریی بەرەکانی جەنگ: (ناوخۆ: دامرکاندنەوەی راپەڕینەکانی کورد/ رۆژهەڵات: ئەرمەن/ باشوور: فەرەنسا و ئیتاڵیا/ رۆژئاوا: بریتانیا و یۆنان).
- (حوزەیرانی 1920) پێکهێنانی بەرەکانی جەنگ: رۆژهەڵات (کازم قەرەبەکر پاشا)/ رۆژئاوا (عیسمەت پاشا)
- (28-9-1920) بەرپابوونی شەڕی تاشناقی-تورکی: سەرکەوتنی کەمالییەکان لە (قارس و ئەردەهان و ئاراس).

- هەڵوێست وەرگرتنی هاوپەیمانان، یۆنان (22ی حوزەیرانی 1920) گرتنی ناوچەکانی رۆژئاوای ئەنادۆڵ و تەراقیا/ سەپاندنی پەیماننامەی سێڤرە (سیڤەر) (10ی ئابی 1920). (13) بەش، (433) بڕگە.
- دروستبوونی کەلێنێکی گەورە لە نێوان حکومەتی ئەستەمبۆڵ و ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورەی تورك.
- بەرپابوونی جەنگێکی قورس لەگەڵ یۆنانەکان لە (ئینۆنۆ) (10کانوونی دووەم– 1نیسانی 1921).
- هەوڵەکان بۆ رێکخستنی ریزە چەکدارییەکان و بەدەستهێنانی پاڵپشتیی دەرەکی (سۆڤێیەت)/ رێکەوتنی سەربازی و لێك تێگەیشتن لە (12ی ئاداری 1921) و دڵنیابوونەوە لە سنوورەکانی باکووری وڵات.

- (13–9–1921) سەرکەوتن بەسەر یۆنانەکاندا لە شەڕی (سەقاریا). (ئەنجامەکانی).
- کشانەوەی ئیتاڵیا و ڕێکەوتن لەگەڵ فەڕەنسا و ئەرمینیا لە (تشرینی یەکەمی 1921) .
- (9–9–1922) ڕزگارکردنی ئەزمیر/ (11–10–1922) ڕێکەوتن لەگەڵ هاوپەیمانان لە (مۆدانیا).
- (1–11–1922) ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورەی تورك لە بڕیارێکدا خۆی بە باڵاترین دەسەڵات لە تورکیا ناساند و سیستەمی سەڵتەنەتیشی هەڵوەشاندەوە.

- (1922-11-16) ئەنجوومەن سوڵتان محەمەد وەحیدەدینی بە ناپاکی تۆمەتبار کرد، بەڵام ڕۆژی دواتر ئەو رایکرد بۆ دوورگەی ماڵتا. بەو ئاکامەش حکومەتی کەمالی رکابەری ناوخۆیی نەما. عەبدولمەجید کوڕی عەبدولعەزیز وەك (خەلیفە)ی موسڵمانان دانرا.
- (1923-7-24) پەیماننامەی لۆزان مۆرکرا، داننان بە سەربەخۆیی تورکیا و سەروەریی لەسەر خاکەکەی، گرنگترین سەرکەوتن بوو کەمالییەکان لەم پەیماننامەیەدا بەدەستیان هێنا.

# ڕاگەیاندنی کۆماری و کۆتایی خەلافەتی عوسمانی

(1924-1922)

## بابەتی داهاتوو

# Thank You!

Lorem ipsum dolor sit amet, tollit epicuri est ex, exerci accumsan singulis ei mel.

First / Last Name
(123) 456-7890
Your Company